


هونەرمەند دلشـــاد محەمەد سەعید یەکێکە لە موزیسیانە ناودارەکانی کوردستان و عێراق، لەساڵی ١٩٥٨ لەشاری دهۆك لەدایکبووە و لەسەرەتای هەشتاکان تیپی مۆسیقای دهۆکی دامەزراند.
هەرزوو لەبەغدا مۆســیقای خوێندووە و ئەندامی تیپی مۆسیقای رادیۆ و تەلەفزیۆن بووە، دواتر پێوەندی بە تیپی ســیمفۆنیای عێراقی کردووە، وەك ژەنیاری کەمان و یاریدەدەری ســەرۆکی ئۆرکێســترا، لەناوەڕاستی هەشتاکان لەزانکۆی وێلزی بەریتانیا خوێندنی باڵای مۆسیقای تەواو کردووە و لەپەیمانگای مۆزارت بەردەوامە لە خوێندن، چەندین پارچە مۆســیقای بۆ هونەرمەندانی کوردی و عێراقی و بیانی ئامادە کردووە، هەروەها شـــان بە شانی چەندین موزیسیانی عێراقی و بیانی بەناوبانگ موزیکی پێشــکەش کردووە، ئێستا لە وڵاتی نەمسا نیشـــتەجێیە و وەك ژەنیاری کەمان لە یەکێك لە تیپەکانی ســیمفۆنیا بەردەوامە لــە چالاکییە هونەرییەکانی لە پایتەختە ئەوروپییەکان و بەنیـــازی ئەنجامدانی پرۆژەی دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی هونەرییە لەشـــاری دهۆك، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

# بەشێکی سەرکەوتنی گۆرانی نێرگز بۆ گۆرانیبێژەکە دەگەڕێتەوە

*** لەســاڵانی 70 و 80 و 90 کانــی ســەدەی رابــردوو لەهەولێــر و دهۆك و ســلێمانی ژمارەیەك تیپی مۆسیقی زۆر پێشکەوتوو و ســەرکەوتوو هەبوون، بەڕای تۆ بۆچی ئێســتا ئەوجۆرە تیپانە وەك ئەو سەردەمە ئەکتیڤ نین؟**

- لەو باوەڕەدام ئێستاش هەن، ئەوکات زیاتر شتەکانیان لەسەر شـــانۆ پێشکەش دەکرد، بەڵام لەبـــەر ئەوەی ئێســـتا بەرهەمەکان زیاتر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پێشکەش دەکرێن، زۆربەی هونەرمەندەکان قورسایی کارەکانی خۆیان خستۆتە سەر تەلەفزیۆن، ئەمـــەش کارێکی رۆتینییـــە و لەهەموو شوێنێك گۆڕانکاری روویداوە، ئەمە بێجگە لەوەی کاریگەری سیاســیش ئەوکات زۆر بوو، ئەم تیپانـــە وەك تەحەدایەك بۆ رژێم بە دڵســـۆزییەوە کارەکانی خۆیان دەکرد و خەڵکیش پشتگیری دەکردن.

***ســەرەڕای ئەوەی ئافرەتـــی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بوونی خۆی لەگۆڕەپانی هونەری کوردیدا سەلماندووە، بەڵام ئێستا تیپی دهۆك تەنیا شـــەش ئافرەتی تێدایە، ئەمەش جێگەی داخە، پێتوایە هۆکارەکان چین؟**

- ئەوەی راســـتی بێت ئەم پرســـیارە زۆر کراوە، هەرچەندە ئێســـتا دەرفەتی زۆر بۆ ئافرەتـــان هاتۆتە ئاراوە بـــۆ ئەوەی زیاتر توانا و بەهرەکانی خۆیان بەدەر بخەن، بەڵام پێموایە کاتێك کارێکـــی هونەری ئەنجام دەدرێ، پێویستە لەهەموو لایەکەوە بزانرێ ئامانجی ئـــەو تیپە چییە. لەهەمان کاتدا گرنگی بە هەموو لایەنێکی ئەو بەرهەمە بدرێـــت، ئێمە کاتێ هەوڵمـــان دەدا جگە لەکاری موزیك گرنگییەکی زۆر بەهەموو موزیکژەنان و ئەندامانی تیپ بدەین بەکوڕ و کچەوە بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵك بناسرێن و پێیان ئاشنا بن.

*** لە وڵاتێکی وەك نەمســـا کە کانگای هونـــەری جیهانییـــە لای خەڵـــك زۆر ئاســـاییە موزیکی جـــاز و پۆپ و رۆك گرنگی پێبدرێت و بوونی هەبێت، بۆچی لەکوردســـتان هەندێك کەس هەن دژی ئەم بیرۆکەیەن؟**

- بـــەڕای مـــن هەر جـــۆرە موزیکێك لە کوردســـتان هەبێت ئاســـاییە و پێویســـتە هەبێـــت، بـــەڵام بەمەرجێـــك نەگاتە ئەو رادەیەی کاریگەرییەکی ســـلبی لەسەر گوێگـــر هەبێـــت، لە زۆر فیســـتیڤاڵ و شـــوێنی دیکەش دووبارەم کردۆتە ئەگەر موزیـــك بێت یان هەر شـــتێکی دیکە بێت مەبەســـتی تێکدانی گوێگر بێت، ئەوا لە قالبـــی موزیك دەردەچێت، ســـەبارەت بە موزیکی کوردی ئێمە وڵاتێکین پێویستیمان بەوەیە هەوڵ بدەین ســـوود لە فۆلکلۆری خۆمـــان وەربگریـــن و هونەری رەســـەنی خۆمان زیاتر بەرەو پێش ببەین و نیشـــانی جیهانی دەرەوەی بدەیـــن، چونکە ئێمە لە قۆناغێکداین پێویستیمان بە هەر شتێکە بۆ پاراســـتنی ناسنامەی خۆمان، هەر کاتێك ئێمە گەیشـــتینە ئاستی وڵاتانی دیکەی جیهان ئاساییە ســـوود لە جۆرە موزیکییە جیهانییەکان وەربگرین، بەڵام ئێســـتا زیاتر پێویستمان بە پاراستنی کولتوور و زمانی خۆمان هەیە کە چەندین ســـاڵە دوژمنان هەوڵی لەناوبردنیان داوە.

*** ئایا پێشـــکەوتنی هونـــەر و موزیکی کوردی تەنیا بە پاراستنی فۆلکلۆر دەبێت، یان پێویســـتە لەگەڵ ئەم سەردەمە خۆمان بگونجێنین؟**

- بەشێوەیەکی گشـــتی مەرج نییە بڵێین پێشکەوتنی هونەر بەستراوە بە فۆلکلۆرەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین پێشـــکەوتنی هونەری کـــوردی بەســـتراوە بە فۆلکلـــۆرەوە ئەوە راســـتە، چونکە ئەگەر هونەری کوردی لە فۆلکلۆرەکـــەی دەربچێت، دەبێ بزانین



کوردی یاخود چۆن دەزانین ئەمە تەنیا لە تێکست نییە، بەڵکو لە بناسرێتەوە، چونکە ئەگەر موزیکی تێکستێکی کوردی دەڵێن ئەمە بە زۆر شتی تایبەتەوە، بۆیە بۆ پێویستە بناغەیەکی کوردی پەرەی پێبدەین، بێگومان ئەوکات مەبەستمان چییە لە موزیکی موزیکی کوردییە. پێشکەوتن میلۆدیشدا دەبێ موزیکی کوردی هەر نەتەوەیەکی دیکە بخەیتە سەر کوردییە، موزیکی کوردی بەستراوە پێشکەوتنی هونەر و موزیکی کوردی هەبێت ئینجا لایەنی ئەکادیمی هەوڵ بدەین موزیکی کوردی پێش دەکەوێت.

*** قۆناغی ئێستای هونەری کوردی بە چ قۆ نا غێك ناو دەبێت؟**

- قۆناغێکی تێکەڵ و پێکەڵە و ڕەسەنایەتی خەریکە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنەکان بکەین ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکرێن بەشی هەرە زۆری ئەو موزیکەی بەناو کوردییە و بەشێوەیەکی دیکە پێشکەش دەکرێ زۆر زیاترە لەوەی کە بەشێوەی کوردی پێشکەش دەکرێ. ئەو جۆرە موزیکانەش تاموچێژی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانە تورکییەکان کە زۆریان لە بناغەوە لەسەر موزیکی کوردی بنیادنراون و تەقلیدی ئێمەیان کردووە، ئێستا ئێمە هەستین تەقلیدی تەقلیدی بکەینەوە، ئەوا کاریگەری سلبی دەبێت، تەقلید ئاساییە هەبێت، بەلام نەك بەشێوەیەکی زۆر، چونکە هەر تەقلیدێك لەجیهان تەمەنی کورتە، بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆمان ون نەکەین، پێویستە لە ڕەسەنایەتی دوور نەکەوینەوە.

*** تۆ لەسەردەمی هونەرمەندانی وەك محەمەد عارف و تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد و زۆرانی تر ژیاوی، چۆن وەسفی ئەم هونەرمەندانەمان بۆ دەکەی؟**

- ئەو هونەرمەندە نەمرانە لەو سەردەمەدا زۆر نزیکی موزیکی کوردی بوون، چونکە کاریگەری عەولەمە لە ئێستا کەمتر بوو، هەرچەندە عەولەمە کاریگەری تەنیا لەسەر ئێمەی کورد نەبوو، بەڵکو لەسەر هەموو میللەتان هەبوو، محەمەد عارف هونەرمەندێکی کلاسیکی کوردی بوو و دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکی کرد لە هونەری کوردی، چونکە گۆرانی گوتن بە تەنبورە شتێکی نوێ بوو، پێشتر هەبوو بە شێوازی تر لەلایەن هونەرمەندانی مێردین و شەنگار، بەڵام ئەویش لەژێر کاریگەری محەمەد عارف بوو، هونەری محەمەد عارف لەبەر ئەوەی ڕەسەنایەتی تێدا هەیە شوێنی خۆی گرتووە، لەپاڵ ڕەسەنایەتی نوێکاریش لەهونەری محەمەد عارف-دا هەیە لەسەر ئەساسی پێشخستنی هونەری کوردی، بەهەمان شێوە تەحسین تەها-ش بێجگە لەخەباتی هونەری کوردی، خەباتێکی زۆری کردووە و بە بناغەیەك دادەنرێت، لەهەمان کاتدا نوێکارییەکی زیاتری کردووە، هونەرمەندانی تریش بە هەمان شێوە، بۆیە هونەری ئەمان نەمردووە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

*** لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تیپی دهۆك ئاهەنگێکی موزیکیان پێشکەش کرد، بەچەند گۆرانییەك کە ئێستاش زیندوون لەوانە (نێرگز و مەلی) و چەندین گۆرانی تر، دەکرێ باسی ئەو ئاهەنگەمان بۆ بکەی؟**

- کە لەکۆتایی حەفتاکان تیپی دهۆکمان دامەزراند، پێویستیمان بە دەرخستنی فۆلکلۆری کوردی بوو بەشێوەیەکی نوێ و توانیمان ئەمکارە ئەنجام بدەین و چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆرمان هەڵبژارد بۆ



نوێکردنەوەیان، گۆرانیبێژەکانیشمان زۆر زۆر باش نەبوون، بەڵام ئەو کات تەنیا ئەوانەمان هەبوو، هەندێك لە گۆرانییەکان شوێنی خۆیان گرتەوە و سەرکەوتنی ئەم گۆرانیانە زۆر هۆکاری لە پشت بوو جگە لە موزیك.

*** نێرگز یەکێك بوو لەگۆرانییە سەرکەوتووەکان، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە چی بوون؟**

- زۆر هۆکار هەبوون وەك خۆشی گۆرانییەکە خۆی، بەڵام جگە لە گۆرانییەکە و موزیك و پێشکەش کردنێکی باشی گۆرانیبێژەکە، هۆکاری تریش هەبوون لەوانە کچە گۆرانیبێژەکە زۆر بەجوانی و سەرکەوتوویی لەسەر شانۆ دەرکەوت، ئەمەش دەروازەیەکی دیکەی سەرکەوتنی گۆرانییەکە بوو، ئەمەش راستییەکە پێویستی دانیٚ پیٚ بنێین، کاتێك لە بەغدا بووین بە ئامادەبوونی وەزیری راگەیاندنی ئەوکات جگە لە گۆرانی (نێرگز) هەردوو گۆرانی (مەلی و یار دیلان)مان پێشکەش کرد، خەڵك دووجار داوای دووبارە کردنەوەیان کردەوە.

*** ئایا دەتوانریٚ ئێستا کارێکی وەك ئەو سەردەمە پێشکەش بکریٚ لەلایەن تیپەکانی هەولێر یان دهۆك یان سلێمانی؟**

- سەرەڕای بارودۆخی ئەوکات راستییەك هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکەم بۆ سەرکەوتنی تیپەکانی ئەو کات، ئەو موزیکژەنانەی ئێستا هەمانە ئەوکات نەبوون یان لەو ئاستەدا نەبوون، موزیکژەنانی ئێستا ژمارەیان زۆر زیاتر و زۆریش باشترن، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وامان لێدەکات بڵێین دەتوانین ئەمکارە بکەین ئەگەر هونەرمەندان لەهەرسیٚ شارەکەی کوردستان دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری بێگومان دەتوانن دووبارەی بکەنەوە و کاری جوان پێشکەش بکەن.

*** کاتی ئەوە نەهاتووە بگەڕێیتەوە کوردستان بۆ خزمەتکردن و هۆکارەکانی نەگەڕانەوەت تا ئێستا چین؟**




- زۆر هۆکار هەن، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە هونەر و موزیك هەبێت چەند ساڵە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم تا ئێستا بۆ هیچ کاتێك خەبات و کارکردنم لە بواری موزیك رانەوەستاوە و هەر بەردەوامم و شتی نوێم پێشکەش کردووە، ئەگەرچی کارکردن لێرە قورستریش بێت و ئەگەر بەراورد بکەم لەگەڵ بوونم لە کوردستان نەمدەتوانی ئەو کارانە بکەم، بۆ نموونە لەگەڵ هونەرمەندانی ناوداری جیهانی کارم کردووە، ئەگەر دەرفەت هەبێت لەگەڵ تیپی سیمفۆنیای بەناوبانگ کاری ژەنین دەکەم، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا موزیك پێشکەش بە کوردانی ئەو وڵاتانە دەکەم، جگە لەوەی ئەو کارانەی پێشکەشم کردوون بەشێوەیەك بووە کە هەموو لایەك دەزانن ئەگەر لە کوردستان بوام نەمدەتوانی بەو شێوەیە بیکەم، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێستا بگەڕێمەوە باشتر نییە، بەڵام بەر لە چەند ساڵێك پڕۆژەیەکم پێشکەش کردبوو ئەگەر ئەو پڕۆژەیە سەرکەوت بۆ من سەرکەوتنێکی گەورەیە کە بتوانم ئەکادیمیایەکی هونەری لە دهۆك دابمەزرێنم کە کارێکی مۆدێرن بێت و مامۆستاکانی لە ئەوروپاوە بێن، ئەگەر پڕۆژەکە تەواو بوو بێگومان هاتنەوەم زۆر باشترە، بەڵام تا ئەو کاتە ئەوەی لە ئەوروپا پێشکەشی دەکەم، ناتوانم لە کوردستان بیکەم.

*** ئێستا پڕۆژەکە بەچی گەیشتووە؟**

-بەر لە زیاتر لەساڵێك لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری شاری دهۆك قسەمان کردووە و زەوییەکی باشی بۆ تەرخان کردووین، تەنیا ئاوەدانکردنی ماوە و بەپێی زانیاری خۆم ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخان کردووە بەشی ئەم پڕۆژەیە ناکات و چاوەڕێی ئەوە دەکەین لە ماوەیەکی زوودا دەست بە کارەکان بکرێت.

*** زیاتر گویٚ لەکام گۆرانیبێژ دەگری؟**

- هەر گۆرانییەك موزیکەکەی باش بێت واتا هونەری بێت جا هی هەر میللەت و نەتەوەیەك بێت، گوێی لێدەگرم.

# بەبێ کەرتی تایبەت دراما پێش ناکەوێت

خەلیل بابە کەریم

ئەگەر بەوێژدان سەیری رەوشی درما و فیلمە تەلەفزیۆنییەکان بکەین، دەبی بڵێین ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار، پێشتر بەتایبەتی لەهەولێر و سلێمانی چەندین زنجیرە دراما و فیلمی تەلەفزیۆنی بەپێز ئەنجام دەدرا و جەماوەر پێیان شاد دەبوو، ئەوەتا رەحمەتی حوسێن میسری چەندین کاری جوانی ئەنجام دا وەك رەشەی پۆلیس و زۆرانیتر، هەروەها هاوڕێ مستەفا و هونەرمەندی بەتوانا بەکر رەشید و ئەرسەلان دەروێش و لەهەولێر هونەرمەندان ناسر حەسەن و هیوا سوعاد و تەڵعەت سامان و چەند گەنجیتر، ئەو کارانەی ئەو هونەرمەندانە ئەنجامیان داوە شایانی ئاماژەپێکردنن، چونکە بەرهەمی پتەو و بەپێزبوون، هیچ کەموکوڕیەکیان نەبوو لەلایەنی سیناریۆ و دەرهێنان و ناوەڕۆك و نواندن و کارە هونەرییەکان پێشتر لە ئەنجامدانی ئەمکارە هونەریانە تەنیا و تەنیا مەبەست خۆشەویستی و پێشخستنی هونەر بوو، کەس بیری لە پارە و پوول نەدەکردەوە. هەتا سەبارەت بە شانۆش هەمان بۆچوون هەیە، ئێستا لەبەر مەسەلەی پارە و بودجە خەریکە دراما و زنجیرە دراما پاشەکشە دەکا دەرهێنەر کە دەرختەی زنجیرە درامایەکی رەزامەندی لەسەر دەدرێ، جارێ هەر زوو بیر لەوە دەکاتەوە چەندی لێ قازانج بکات، یاخود چەندی بۆ بمێنێتەوە، پارەی جلوبەرگ و هاتووچۆو خواردنی ئەکتەرانیان وەرگرتووە کەچی زۆربەی جاران ئەکتەر پێویستە خۆی جلوبەرگ بۆخۆی دابین بکات، سەبارەت بە خواردن پێش دوو سێ ساڵ لەگەڵ دەرهێنەرێکی برادەری خۆمان لە شەوچرایەك کارمان کرد نەك زنجیرە دراما، ئۆباڵ بە ملی برادەرانی نزیکی ئەو گوتیان نازانم چەندین ملیۆنی وەرگرت، واتە پارەی زنجیرە درامایەکی وەرگرتبوو کەچی نە جلوبەرگ نە پارەی هاتووچۆی دەدا و ئەکتەرەکان کە نیوەڕۆ دا دەهات دەیگوت بڕۆن لەماڵی خۆتان نانی بخۆن خواردنی چێشتخانە پیسە! بەهەرحاڵ ئەوەی من لەو درامایانەی لەو رەمەزانەم بینی وەك دەڵێن هاتمەوە سەر سفر، تەنیا کوردستان TV دوو زنجیرە درامای لەسەر شاشەکەی پێشکەش کرد کە نوێ بوون لە 1-14 رەمەزان زنجیرە درامای گەمەی باڵندەکان کە لەدەرهێنانی هونەرمەند بەکر رەشید بوو، ئەگەر هاتوو بەراوردێك لەگەڵ کارەکانی دیکەی ئەم هونەرمەندە بکەین، لام وابێ هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدیبوو، لە 15 تا 30 رەمەزانیش زنجیرە درامای (فرمێسك) کەلە نووسینی نووسەر و رۆژنامەوان نازم دڵبەند و سیناریۆیی هونەرمەندی کۆچکردو سەلاح حەسەن و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف بوو، سەبارەت بە دەقەکە ئینکار ناکرێ دەقێکی ئینسانیە باس لە کێشە هەنووکەییەکان دەکات، ئەویش توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و دیاردەی خۆسووتاندن و زۆرکێشەی دی، خۆم لەم زنجیرە درامایە بەشداربووم وابزانم کاك بەکر مەعروف کە پێشتر (سەلیم بەگ)ی رەحمەتی دەرهێنابوو، دەبوایە لەمکارە پێشکەوتووتر بێ، چونکە بودجەیەکی چاکی لەبەردەست بوو، زۆربەی سەنتەرە پرۆ فیشناڵەکانی هەولێر بەشداریان لەم درامایە کردبوو، هەروەها چاکتر سیناریۆی لەژێر دەستی دابوو، کەچی ئەوەی رۆژانە سەیری ئەم درامایە بکا زۆر جاران وەرس دەبێ لەدووبارە کردنەوەی هەندێ دیمەن و شوێن، دووکانی عەلەی بەزاز، شەریف بەزاز، ماڵی جەمیل فەندی، نووسینگەی رۆژنامە، رۆژانە دیمەنەکان لەم شوێنانە دووبارە دەبنەوە بە ریتمێکی یەکجار لەسەر خۆو سارد کە بینەر تووشی مەلەل دەکا، سەرباری ئەوە کاك بەکر کە رۆڵی شەلالی عەجەمی هەیە هەمان کارەکتەری گێلە پیاوی دووبارە کردیتەوە، هەروەها هونەرمەند نەوزاد رەمەزان کە رۆڵی مام حەسەن دەگێڕی کت و مت(فەتاح)ـە، شەلالی زنجیرە درامای بیری ژمارە سێ دووبارە دەکاتەوە کە لەدەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد شەریف بوو، هەروەها هونەرمەند کاك سەلام کۆیی گەلێك(بەینی خۆمان بێ) دووبارە دەکاتەوە، هونەرمەند کاك ئیبراهیم حەکیم بەموناسەبە و غەیری موناسەبە گۆرانی دەڵێ، کاك وەلید مەعروف زۆر دیالۆگەکانی بەبێ روح و بەسستی دەڵێ هیچ گەرم و گوڕییەك لە دیمەنەکانی ئەوان بەدی ناکرێ، لەبەر ئەوە ئەمساڵیش کەبە ئاواتی ئەوەبووین هەر نەبێ دوو سێ زنجیرە درامای بەپێز ببینین، کەچی کە سەیرمان کرد وەك دەڵێن لاتوایە تەنەکەك ئاوی ساردیان پێمان داکرد، حاڵمان لەوە چاکتر نابێ تاکو کەرتی تایبەت نەیەتە بوارەکە، چونکە وەبەرهێنەر کە ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری، هەرگیز پێی لە تەختەی چرووك نانێ، هەر لەنووسین و سیناریۆی و دەرهێنەر و ئەکتەر خۆی هەمووی د ە ستنیشا ن دەکات، چونکە پارەی خۆی لە خۆڕایی بە ئاو دانادا، بەداخەوە تاکو ئێستا کەرتی تایبەت سەرمایەکانیان تەنیا لە بواری بیناسازی رێگەوبان و پڕۆژەی بازرگانی هەناردەو هاوردە بەگەڕ خستووە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەوانە لە هونەر سەر دەرناکەن و لەناو هونەرمەند و هونەر دۆستیش کەسێکی سەرمایەدارنییە، وەبەرهێنەر نەك تەنیا هونەرمەندی دراما و فیلم بەپێش دێخی، بەڵکو ئەگەر بتوانی پاش دۆبلاژ و وەرگێڕان و بازاڕی لە دەرەوەی هەرێم بۆ پەیدا بکا وەك ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانەی رۆژانە لەسەر شاشەی تیڤییەکانی خۆمان دەبینین، ئەمکارە دەبێتە ریکلامێکی چاك بۆ شوێنەوار و جێگە گەشتوگوزارییەکان کە بینەر لە دەرەوەی هەرێم ئاواتەخوازە ئەم شوێنانە ببینێ بەتایبەتی لەخەلیج، چونکە وەبەرهێنەر حەز دەکا کارەکەی بەشێوەیەکی جوان و پوخت دەربچێ، هەڵبەتە لەبەر ئەوەی ستۆدیۆی تایبەتمان پشت بە وێنەگرتن لەم شوێنانە دەبەستێ، بەمجۆرە لەلایەك ساڵانە بە هەزاران کەس روو دەکەنە کوردستان بۆ گەشتوگوزار. لەلاکەی دی شارەزای دابونەرت و چۆنییەتی ژیانی کوردەواری دەبن، دووەمیان ئەوکات کەس چاوچڕ ناکاتەوە تاکو لایەنە پێوەندداەرکان رەزامەندی لەسەر بودجەی درمایەك بدەن، چونکە ئاشکرایە قیر سپی دەبێ تاکو ساڵێك رەزامەندی لەسەر درامایەك دەدرێ ئەویش لە شوێنی خۆی نابێ، ئەوەتا لەمیسر چەندین وەبەرهێنەر و کۆمپانیای هونەری هەن، یەکێك لەو وەبەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانە ناوی (ئیسماعیل کتکت)ـە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی پووخەی بچووکی کورتە باڵایە، وەك دەڵێن گندۆرە لە قەدەر رەنگی نییە، ئەو مرۆڤە تاکو ئێستا چەندین زنجیرە درمای مێژوویی بەرهەم هێناوە لەهەمووانیش سەرکەوتوو بووە، لەوانە زنجیرەی (شا فاروق) (ئەسمەهان)، ئێستاش وا لە کەناڵەکانی میسری و عەرەبی (ملکە المنفی) واتە شاژن لە تاراوگە باس لە نازلی دایکی فاروق دەکا کە کۆتایی ژیانی لە ئەمریکا بردەسەر، ئەستێرەی میسری نادیە جوندی ئەم رۆڵەی بینیووە، هیواداریـن ئێمەش بەرهەم هێنەرمان هەبێ.



# وائل جەسار بەردەوام دەبێت لە گۆرانی رۆمانسی

هونەرمەند وائل جەسار رایگەیاند نوێترین ئەلبوومی کارێکی نوێیە لەجیهانی هونەریدا و پێشتر هیچ هونەرمەندێك نەیتوانیوە بەو شێوەیە ئەلبوومێکی ئایینی بڵاو بکاتەوە. ئەو ئەلبوومە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، لەمانگی رەمەزانیش سیدیەکی تری بڵاو کردەوە کە سروودی ئایینی بوون، ئەمە بووە جێگەی پرسیار ئایا وائل واز لەگۆرانی رۆمانسی دەهێنێت وەك باس دەکرێت؟ لەوەڵامدا وائل جەسار وتی «ئەو قسەیە لەراستیەوە دوورە و بەردەوام دەبم لە وتنی گۆرانی رۆمانسی».






# پاریس دەستگیر دەکرێت



بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی بێهۆشکەر، پاریس هیلتۆن دەستگیر دەکرێت، ئەو کاتەی هێزەکانی پۆلیس ئەو کەسانە دەستگیر دەکەن کە ماددەی بێهۆشکەریان پێیە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەبینن پاریس هیلتۆنیشان لەگەڵ دایە و ئەو ماددەیەی پێیە. پاریس بەشێوەیەکی نائاسایی دەبیندرا و بڕیارە لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بکرێت.

## من شاکیرام فێره سه‌ما کرد

هونه‌رمه‌ندی میسری لوسی رایگه‌یاند که‌وا ئه‌و به‌شێوه‌یه‌کی نا راسته‌وخۆ شاکیرای کچه گۆرانیبێژی به‌ناوبانگی جیهانی فێره سه‌مای رۆژهه‌ڵاتی کردووه، چونکه به‌رده‌وام داوای نمایشه‌کان و جلوبه‌رگه‌کانی منی ده‌کرد.

لوسی له دیمانه‌یه‌کی ته‌له‌فزیۆنیدا ئه‌وه‌ی راگه‌یاند که سینه‌مای میسری وێنه‌ی سه‌ما و کچه سه‌ماکاره‌کانی شێواندووه، چونکه سه‌ما هونه‌رێکی به‌رزه و پێویسته رێزی لێبگیرێت، بۆیه من بڕیارمداوه تا ئه‌و کاته‌ی دادنام له ده‌مدا نامێنێت و تاقم ده‌به‌ستم هه‌ر سه‌ما ده‌که‌م.





## سۆلاف خۆشحاڵه به سه‌رکه‌وتنی کلیۆ پاترا

ئه‌کته‌ری درامای سوریا سولاف فواخرجی که رۆڵی پاڵه‌وانی زنجیره درامای کلیۆپاترا ده‌بینێت، دڵخۆشی خۆی ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر سه‌رکه‌وتنی ئه‌و زنجیره دراما مێژووییه، سولاف رایگه‌یاند: ئه‌و زنجیره درامایه به یه‌که‌م زنجیره داده‌نرێت له‌و شێوه‌یه و خۆی له قۆناغی کلاسیکی ده‌رباز کرد که پێشتر له زنجیره دراماکان ده‌بیندرا. کلیۆ پاترا، زنجیره درامایه‌کی مێژووییه، ئێستا له زۆر که‌ناڵی عه‌ره‌بی پێشکه‌ش ده‌کرێت. سولاف له‌چاوپێکه‌وتنێکی دیکه‌دا ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌دا که بینینی رۆڵی پاڵه‌وانیه‌تی ئه‌و زنجیره درامایه خه‌ونی هه‌موو ئه‌کته‌رێکی ئافره‌ته.





www.gulan-media.com/art
به‌رپرسی فایلی هونه‌ری: خه‌لیل بله‌یی: بۆبابه‌ت و سه‌رنجه‌کانت په‌یوه‌ندی بکه :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com